# ڕونکردنەوەیەك
# لەوەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی
# کوردستان-ەوە



شاراوە نیە کە مێژووی سەرفرازی گەلەکەمان گەورەترین داستانی شەهیدبوون و خوێنڕشتن و ئاوارەیی و کارەساتەکانی کیمیاباران و ئەنفالی لە پێناو ئەو ئازادییە تۆمارکردووە کە ئەمڕۆ لە سایەیدا جۆرێك لەو ئازادییە هاتۆتە ئاراوە و ئەنجامەکەشی دروستبوونی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانە  و خەڵکی کورد تیایدا بەشدارە و بە ئازادی خۆی کارەکانی رادەپەڕێنێ و هەر ئەوەشە وایکردووە کە (وەزیرەکانی مافی مرۆڤ و داد و ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی ) زۆر بە ئازادانە کاربکەن و ڕێگا خۆشکەرێکیش بێت بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و مێدیاکان تا بەوپەڕی ئازادی بنووسن و رەخنە بگرن٠٠٠هەروەها دەرگا والآ کراوە بەڕووی ئەو هەموو ڕێکخراوانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەریەکەو لەبواری خاسیەت و پسپۆڕایەتی خۆیەوە بۆ کارکردن کە پێمانوایە ئەگەر دەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە نەبوایە ئەم دەرفەتەش دروست نەدەبوو،بۆیە هەرکەس و

لایەنێك ئەو كارانەی دەكەوێتە ئەستۆ حەقوایە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و ویژدانەوە لە چوارچێوەی یاسادا جێبەجێیان بكات و لەپێش هەموویانەوە ئەوانەی لەبوارەكانی راگەیاندن كاردەكەن و زۆر بەڕوونی لە گرنگی ئەركەكانی خۆیان بزانن و هەوڵبدەن حەقیقەتەكان وەكو خۆی بخەنەڕوو،چونكە ئەمەیە سەروەری راگەیاندن و پاراستنی راستگۆیی راگەیاندن٠

كە ئەم روونكردنەوەیەش بەناوی وەزارەتەوە بلاَودەكەینەوە هەڵبەت مەسەلەیەك هەیە كە زۆرجار لەملاو لەولادا لە راگەیاندنەكان باس لە بوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حكەمەتی هەرێم و خودی وەزیری مافی مرۆڤ دەكرێ بەتایبەت لەم رۆژانەی دوایدا٠٠٠دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین كە هەندێ راگەیاندن و هەندێ لایەن پێیانوایە كە هەرچی كارێكی پەیوەندی بەكۆمەڵگای كوردەواری و تەكنەلۆژیاوە لە كوردستان هەبێت و جۆرێك لە پێشێلكاری لێبكەوێتەوە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسیارێتی خودی وەزیری مافی مرۆڤ بۆیە دەمانەوێ هەموو لایەك لەوە ئاگادار بكەینەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ و خودی وەزیری مافی مرۆڤ كە بەشێكە لەم وەزارەتە یەكێكن لەدەستكەوتەكانی بەرهەمی خەبات و تێكۆشان و هیلاكی كۆمەلاَنی خەڵكی كوردستان و دەستكەوتێكیشە بۆ پارێزگاری كردن لە ئازادی رادەربڕین و مینبەری داواكردنێكیشە لەسەركردایەتی كوردستان بۆ هەمیشە پارێزگاری كردن لە مافەكانی مرۆڤ لەم دەڤەرە٠

دیسانەوە رایدەگەیێنین كە ئەركی سەرەكی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاركردنەوەی خەڵكی كوردستان و پێشاندانی دیاردە پێشێلكارییەكانە كە لە كوردستان دێنە ئاراوە و راگەیاندنی و بلاَوكردنەوەی لە مێدیاكان و بەدواداچوون و لێپێچینەوەی كە بەڵگەشمان زۆرە بۆ ئەم قسانە٠٠٠ئەمانە كاكڵی كارەكانی ئێمەن٠٠بەلاَم بۆ ئەوانەی دیكە كە دەخرێتە ئۆباڵی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەیڵێینەوە ئەو كەس و لایەنە راگەیاندنانە بابەهەڵە لەبەرنامەڕێژی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی و سیاسەتی كاركردنی وەزارەت تێنەگەن و بۆ بەشە پێشێلكارییەكانی دیكە كە لەكارەكانی دێنە ئاراوە و خەڵكی كوردستان دەیوروژێنین بۆ ئەم مەسەلەیەش ئێمە لەگەڵ وەزارەتەكانی داد و ناوخۆ و كاروباری كۆمەلاَیەتی تەواوكەری یەكترین هەمووشمان بەگوێرەی ئەو توانایەی كە لە كوردستاندا هەیە كارەكانمان ئەنجامداوە،لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كەموكورتیانەی كە هەیە ئێمە دەیبینین و دیسان بەگوێرەی توانا چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە و ئەوانەی كە ناشیبینین ئەمە ئەركی راگەیاندنە كەبۆمانی دیاری بكات،بەلاَم قەڵەمەكان بەرۆحێكی پیرۆزانەی راگەیاندنەوە لەجێگەی خۆی دیاردەكان دەستنیشان بكات٠

جارێكی دیكەش دەیڵێینەوە هاوكاریكردنی ئەم (٤) وەزارەتەو هەموو حكومەت لەمیانی یەكسالەی یەكگرتنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ كەمكردنەوەی پێشێلكارییەكان كاری چاك كراوە٠٠٠گۆڕانكاری كراوە،بەلاَم بەداخەوە ئەو ئازادییەی كە بۆ قەڵەم دانراوە بەمەبەستی دەستنیشانكردنی رەخنە بنیاتنەرەكان بۆ بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی هۆشیاری زیاتر بۆ كۆمەڵگەی كوردەواری و چاككردنی كەموكوڕییەكان هەندێجار لەلایەن هەندێ لایەنی راگەیاندنەوە دابەزێنرێ و لەئەركی سەرەكی راگەیاندنیی خۆیان دوور

دەکەونـــەوە و نـــاتوانن ئـــەو پەیامـــە پـــیرۆزەی ڕاگەیانـــدن بەڕاســـتگۆیی بگەیـــەنن٠٠٠لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دووپاتیدەکەینەوە هەمیشە دواڕۆژ بۆ ئەو کەسانە دەبێ کە مانـدوو دەبـن٠٠٠بۆ ئەوانەیـە کـە ئـەرکی خۆیـان دەزانن٠٠٠ئەوانەی لەم پێناوە قوربانیان داوە و کاردەکەن بۆ ئەوەی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بەرەوپێشـەوە بچێت،هەوڵی بێشوماریش دەدەین کە بەماوەیەکی کەمتر ئەو ئەرکەمان جێبەجێبکەین بۆ ئەوەی هەتا زووتـرە موعاناتی خەڵکی کوردستان کەمبکرێتەوە و لەداهاتوویەکی نزیکدا بەتەواوی نەهێڵدرێ٠

**هەولێر**

**٢٠٠٧/٦/٥**